# تاڵەبانی موجامەلەو بارزانیش تەهدید!
# ئایا ئەزانن قەندیلیەکانیش کوردن؟

ئاسۆ عەبدوللەتیف

تورکیا رەنگە ملۆزمترین دوژمنی سەرسەختی ئێمە بێت و ئەزانین و دەرکیشی ئەکەین کەچی تاڵەبانی موجامەلەو بارزانی تەهدیدیان ئەکات!؟ گەمەی ئەم دوو کاراکتەرەش رەنگە خراپترین کاریگەری هەبێت بۆ ئایندە چونکە نەچۆتە خانەی گوتار و تا ئێستا تەنها پاراستنی بەرژەوەندیەکانە لەگەڵ ئەنکەرەو کۆشکەکانی جانقایادا،

سەردەمی شەری ناوخۆ کە یەکێتی بەشێکی هەڵمەتەکەی ناو نابوو گەردەلولی تۆڵە لەپاش 31ی ئاب، بەپێچەوانەی ئێستاوە کە تەلەفۆنی نەرم بۆ تورکیا ئەکات مامەڵەی دەکردو داشەکانی ئەجولاند، کەچی ئەوکات بارزانی موجامەلەی تورکیای ئەکردو تاڵەبانیش تەهدیدو ئاگری ئەباراند بۆ تورکیاو میدیای یەکێتیش دەیان ووشەی وەك تۆرانچی و قوروچیان بە دەوڵەت و ژەندرمەی تورکیا ئەووت و تەنانەت مەنعی دابەزاندنی گۆرانیە تورکیەکانیشیان کرد وەك تاڵیساس و سبیلکان و ماڤی، تەنها لەبەر ئەوەی کە دەبابەکانی تورکیا تا دۆڵی سماقوڵی و نزیك شاخی سەفین و جادەی هاملتۆن هاتن و دژی یەکێتی شەریانکرد هەرچەندە لە بنەرەتدا بۆ پەکەکە هاتن، بەدرێژایی مێژووی 15 ساڵ، دەمێ یەکێتی ئەبوویە دوژمنی گەریلاکانی پەکەکەو ئاشت ئەبوویەوە بە خاتری راگرتنی بالانس و دەمێ پارتی بەهەمان شێوە شەری ئەکردوو وەك ئێستاش ئاشت ئەبوویەوە لەگەڵ پەکەکە کە لەم رۆژانەدابوو پەکەکە ستایشی تەهدیدەکەی بارزانی کرد دژی تورك، ئێستاش کە لە کوردستاندا ئاشتییەك هەیەو قاچەکانی لەسەر بودجەو داهات بەندە کەوتونەتەوە نەیاریکردنی گەریلاو هەردوو سەرۆك بە دوو ریتم و ئاواز ئەپەیڤن و نازانین بۆ کامیان گوێ رادێرین، سەرۆك بارزانی بۆ هاتنە ناوەوەی تورك بۆ ناو کوردستان زمانی هەرەشەو تەهدیدی بەکارهێناو قسەی دڵی هەموومانی کرد بەڵام قسەکردنەکە بە رای من لە ناو خانەیەکی نەگۆرو ئەجێندایەکی ستراتیجیدا نەبوو، ناشبێ و کاتییە، واتە ئەوەندەی بەستراوەتەوە بە ئەجێندایەکی مەرحەلی و تاکتیکی قۆناغەکەوە نەبەسراوەتەوە بە قوڵایی بیرو ستراتیچ و بەرژەوەندیمانەوە کە سێ کۆڵەگەی پتەوی هەر سەرۆکایەتیەکن کە ئێمە نیمانە،بەپێچەوانەوە سەرۆك تاڵەبانی ئەجێندایەکی نەرم بەکار دێنێت و بە تەلەفۆنێك دڵنیایی ئەداتە تورکان و دیبلۆماسیانە رێك پێچەوانەی بارزانی دەئاخڤێ، ئەمە لە ئەساسدا ناکۆکی گوتارە، کەچی ئەیکەنە سیاسەت (رونکردنەوەکەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی تاڵەبانی باشترین بەڵگەی ئەو ناکۆکییە قوڵەی بارزانی و تاڵەبانی و گوتاری کوردییە، کە لە بەشێکی رونکردنەوەکەدا دەڵێ ئەو **سەرنجانەی محمدی مەلا قادر جگە لە بۆنی موزایەدەو کەسبی شەقامی کوردی هیچ شتێکی تری لێ بەدی ناکرێت**– میدیا ژ 286)

ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئێمە گوتاری بێ ستراتیج بەرهەم دێنین بەرانبەر تورکیاو هێشتا پێوەرێکی روونمان نییە بەرانبەر بە زوڵمی تورکیا کە دەرهەق بە گەریلاو کوردی ئەکات و تا ئێستاش کوردی تورکیا ئەوەتان لەبەردەم پرۆسەی سرینەوەی ناسنامەو پاکتاوی رەگەزی و رۆژانە سوکایەتیان پێئەکرێت، ژەهر خواردوکردنی سەرۆك ئۆجەلانیش باشترین دیکۆمێنتی ئەم پێشێلکاریانەی ماف مرۆڤی کوردەو ئێمە لێی متەقین و تەنانەت لێدوانێکیش نادەین وەك ئەوەی ئۆچ ئالان کورد نەبێت،

ئێستا نیشتیمانێکی شیرین و پر لە رۆحی گەریلا و هەستی کوردبوون هەیە لە ناوچەیەکی لێرەوارو بەردەڵان و سەوزەگیادا بەناوی قەندیل، بەڵام بەدڵی یەکێتی و پارتی نییە یان لاسەنگە بەبەرژەوەندیەکانیان و لاریان لێی هەیە، ئەوێ مەکۆی دەوڵەتی گەریلای کوردە، دەورەدراوە بە پاسداری ئێرانی و جەندرمەی تورك و پاسەوانی سنوری عیراقی و پێشمەرگەی کورد و هەرکوردە بیست و پێنج ساڵ زیاترە بەرگە ئەگرێ! قەندیل گەلێ تەعبیری هەیە بۆ نەتەوەیەکی بێ کیان و بێدەوڵەتی وەکو کورد بەڵام دیارترین تەعبیر رەنگە

ئەوەبێت کە قەندیل دەوڵەت و تونی مەرگی کوردەو بەنەمانی ئەوەندەی تر تورك و عەرەب لە خۆمان هارتر ئەکەین و ئەو تۆزە پەراوێزە ئازادیەشمان نامێنیٚ کە باسی کوردستانی بوونی کەرکوکی تێدا بکەین، کە خەسڵەتی نەگەتیڤ لەو ئازادیەدا دروشمە، دەسەڵات هەر رۆژیٚ یاری بە دروشمێکەوە ئەکات و بەردەوام رووبەری ئازادیەکانیش بچوك ئەکاتەوە، رووبەری منی ناحیزبی ئەو رووبەرە فراوانەی حیزبی کوردی نییە کە دەیەوێت بەزۆر گۆرانی ساختەی ئازادی تیا بچرم و بمباتە سەرجادەو دەنگەکانم بە زۆر بەرێت و تاوانبارم کات بە دوژمن ، ئازادی من بریتیە لە ئۆرگانی نەترس و ئازاو قسەکەرو میمبەری بیرورا کە حیزبی کوردی رێگای پێنادات، بۆنمونە گەریلایەك چالاکی ئۆرگانی و مەدەنی خۆی هەبیٚ لەم هەرێمەدا و کاری میدیایی و رۆژنامەوانی خۆیان بکەن، ئازادیەکان بە گشتی لەدەستی پێوەرە حیزبیەکاندایەو رێگە نادرێت بە هیچ جۆریٚ دەستکاری و ریفۆرم بکریٚ لەکاتێکدا باسی دەوڵەتی کوردی و چوارپارچەی کوردستان و ماڤ کوردانی دیکە ئەکەین و رەنگە لە دواجاردە ببێتە وەهم، دەسەڵاتی ئەم پارچەیە یەکێتی و پارتین کە بەردەوام لە ناو زمانی وەهم و خەیاڵدانەکانی رابردوودا ئیش ئەکەن و کار بۆ عێراق ئەکەن نەك کوردستان، کوا ئازادی سیاسی؟ ئایا هەمانە؟ چ لۆژیك و چ ترسنۆکیەکە تا ئێستاش مۆڵەتی کارکردنی سیاسی و رێکخراوەیی نادەین بە پارتی چارەسەریی؟ رێگری ئەکەن لە سادەترین دەنگ هەڵبرین و خۆپیشاندانی سەر شەقام کە مافێکی مەدەنیەو بیٚ مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆ موستەحیلە بهێڵن خۆپیشاندانیٚ بکەیت و لافیتەیەك بەرز بکەیتەوە، بیرمان چوو لە هەڵەبجەو گەرمیان و رانیە چەند کەسیان راپێچ کرد ئەی ئەگەر گەریلا بیەوێت خۆپیشاندانیٚ لە سلێمانی یان هەولێر بکا ئەبیٚ چۆن مامەڵەیان لەتەك بکەین، هێشتا ئەم ناوچەیەمان بە حساب ئازادە و حکومەتی کوردی لێیە بەڵام حکومەتێکی موحافیزکار، کەچی رێگە بە هاتنە خوارەوەی گەریلایەکی پەکەکە لە قەندیل نادەن جگەرەیەك بکریٚ و نانێکمان لەگەڵ بخوات و باسێکی دووری خۆی بکات لە نیشتیمانی داگیرکراوو ژێر پۆستاڵی تورکی شۆڤێنیەوە، رێگە بەم گەریلایە نادریٚ و تورکان دڵتەنگ و عاجز ئەبن بەڵام کوردستان ببێتە مەیدانی بنکەو کەسایەتی سیخوڕو عیلاقاتی ئێرانی و میتی تورکی و رادیۆی تورکی و سوری و ئەجنەبی و ئەمریکی و کەناڵگەلێکی رادیۆیی و سەتەلایتی شیعەو سونەو ناوەندی غەیرە کورد بۆ تەسفیەی حساباتی خۆیان و نەیارەکانیان ئەوا هیچ کێشە نیەو زیان ناگەیەنیٚ، ئەمە شپرزەیی گوتاری سیاسی ئاڵۆزی کوردیە، خەڵك باوەڕ بەکیٚ و کام ووتارو کام لێدوانی شیرین و تاڵ بکات، بۆیە گرنگە ئەم دەسەڵاتە بزانیٚ قەندیلیەکانیش کوردن و ئەستەمبوڵیەکانیش تورك، لیٚ ئەوان بە ئەجێنداو گوتار کار ئەکەن و ئێمەش بیٚ گوتارو بە دروشم و سۆز، بەردەوامی ئەم یاریە کارەساتێکی گەورەی بەدواوەیە گرنگە بەری لێبگرین و ئەوەندە رۆڵەکانی هاوزمانی خۆمان سوك نەکەین و نەیانکەینە قوربانی و نێچیری خەڵك.